# ئاسیدە تایبەت

ژمارە (١٨٩) ساڵی پانزەهەم،
٤ شەممە، ٢٠١١/١٠/٢٦
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات


# (یەکگرتووی خوشکان) هەموو شێوازەکانی توندوتیژی ڕەتدەکاتەوە، لەلایەن هەر کەسێکو بەهەر پاساوێک ئەنجام بدرێت

## دەستکەوتەکانی یەکگرتووی خوشکان

یەکگرتووی خوشکان لەئیعلانکردنی خۆیەوە لەبەرواری ١٩٩٤/١٠/٢٦ەوە تائیستا وەک ڕێکخراوێکی ئافرەتان لە سەرتاسەری کوردستاندا بەردەوام لەخزمەتی توێژی ژناندا بووەو لەو بوارەشدا چەندین کارو چالاکی و دەستکەوتی لەبواری ژناندا ئەنجامداوەو، دەیان ئافرەتی لە بوارە جیاجیاکاندا هانداوەوە پێگەیاندووە، چەندین خولی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئافرەتو، بەرنامەی تایبەتو هەمەجۆری لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا پێشکەشکردووە، جگە لەمانەش چەندین پرۆژە یاسای تایبەت بەئافرەتانی لەبواری خزمەتکردن بەژناندا خستۆتە بەردەم پەرلەمان، هەروەها چەندەها کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکەو ئەندامانی بۆتەوە، چارەسەر کردووە.

خوشکان لەماوەی ١٧ساڵی کارکردنیدا گرنگی تەواوی بەبواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەوانی ئافرەتان داوە، جگە لەبواری دەستڕەنگینیو هونەری کە چەندین خولی تایبەت بەئافرەتانی لەزۆر بواری درومانو دروستکردنی شیرینی و گوڵو کەرەستەی ناوماڵو ....هتد دا کردۆتەوە.

درێژەی دەسکەوتەکانی خوشکان لەل٣ بخوێنەرەوە....

## لەوتەکانی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەبارەت بەخوشکان



**لەوتەکانی بەڕێز (مامۆستا سلاح الدین محمد بهاء الدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سەبارەت بەخوشکان.**

*خوشکانی ئێمە، مایەی شانازیمانن، هەرکارێکیان پێ سپێررا بێت، سەربەرزانە وسەرکەوتوانە، ڕایان پەڕاندووە.

* (یەکگرتووی ئیسلامی) بەخوشکانەوە، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

* (خوشکان) لەتێگەیشتنی وردو زانستیانەی خۆیان، داوا ڕەواکانی ئافرەتان، دەخەنە ڕوو داکۆکی لێ دەکەن، نەک بەلاساییکردنەوەو شوێنی کەسانی تر.

*پێویستە لەکۆنگرەی شەشەمی یەکگرتودا، گەشەپێدانی نەوعی لەڕووی گرنگیدانی زیاتر بەخوشکانو ئامادەییان لەسەرجەم جومگەو ئاستەکاندا، بێتەکایەوە.

## لێرە کەس خوشکی تاقانە نیە...



**دایکی نزا**.................................................

لەژیانماندا زۆر هاوڕێو دۆستو ناسراومان هەن، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانیت دڵتی بۆبکەیتەوە، من دەڵێم ڕێکخراوی خۆشکان..... لێوان لێوە لەخوشک، کە دڵێم خوشک لەڕووە زمانەوانییەکەیەوە نا، بەڵکو لەڕووی واقیعیەوە، گەورەترین دەسکەوت ئەو دەسکەوتە مەعنەوییەیە کە بە جارێک دەبیتە خاوەنی سەدان خوشکی دڵسۆزو باش، ئەو خوشکەی کە دەتوانیت بوخچەی دڵتی بۆبکەیتەوە، کەلێرە دەبیتە ئەندام گەر پرسیارت لێ بکەن وبڵێن چەند خوشکت هەن ئەوا دەڵێیت لەدایکوباوکمەوە ئەوەندە لەڕێکخراوەکەشمەوە نازانم...زۆر زۆرن.

بۆیە ئەوەی بۆتە دەینەمۆی کاری خوشکان وەک موعجیزەی خودایە بەلای ڕێکخراوەکانی ترەوە کەچەند قاتی ئێرە ماددەیان لەبەر دەستایە، خۆشەویستیە وخوشکایەتی.

من بۆخۆم تاسەر ئێسقان ئەم هەستەم بەرامبەر بە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە هەیە، کەیانبیینم سەدان خەموخەفەتی دونیام لەیاد ئەچێت بەدڵ تەوقەیان لەگەڵدا ئەکەم باوەشیان پێدا دەکەم، بۆیە ئەوکچانەش لەخێزاندا تاقانەن لێرە خوشکی سەدان خوشکە، لەبازنەی کارکردندا گەر خۆشەویستی هەبوو ئەوا هەموو تەنگو چەڵەمەیەک بەئاسانی دەڕوات، هەر بۆیە بەرپرس قسەی وەردەگیرێت وەک خوشکێک، ئەندامی خوارتریش ڕەخنەی لێ وەردەگیرێت هەر وەک خوشکێک لەخێزانێکدا، بۆیە لێرە دڵەکان هێندە پەیوەستن بەیەکەوە، تا لێرە کار نەکەیت نازانیت.. خۆشەویستی لێرە شەپۆل ئەداتو... دەتکاتە خاوەنی چەندان خوشک....

## لەساڵیادی خوشکاندا پێمان دەڵێن



**مونیره عەبدولعەزیز بەرپرسی مەکتەبی کاروباری خوشکان لەبزوتنەوەی ئیسلامی: "یەکگرتووی خوشکان پێشەنگی کاروچالاکی بوون، توانیویانە تا ڕادەیەکی باش خزمەت بەژنانو خوشکانو کلتوری ڕەسەنی ژنانی کورد بکەن، تاڕادەیەکی باشیش لەئاستی داوەکانی ژنانی کوردستاندابوون".**



**بەناز عومەر بەرپرسی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئافرەتانی کوردستان: "خوشکان لەمەسەلەی خوێندندا ڕۆڵی گرنگیان بۆ ئافرەتان بینیوە، کەلەسەر ئاستی کوردستان دەیان بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواریان هەبووە، پێش ئەوەی وەزارەتی پەروەردە هەوڵبدات بۆنەهێشتنی نەخوێندەواری".**



**شوکریە سالح توێژەی کۆمەڵایەتیی: "هیچ ڕێکخراوێک نیە مەنافەسەی ئیشەکانی یەکگرتووی خوشکان بکات".**



**مامۆستا جەعفەر گووانی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایان: "کۆمەڵێک مەفاهیمی چەوتو هەڵەی ناوکۆمەڵگە کە کۆمەڵێک نوسەر بۆ ئیسلام دروستیان کردوە، خۆشبەختانە خوشکان توانیویانە وەکو ئافرەت وەڵامی ئەوهەڵەو بۆچونە هەڵانە بدەنەوە، کەمایەی خۆشحاڵی ئێمەیە"**